Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-29

# کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان
## (توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر)

سۆما صابر أبراهیم، سۆلاف فائق محمد

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

## Article Info

| | |
|---|---|
| **Received:** | July, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Agust, 2025 |

## Keywords

**کارلێکی کۆمەڵایەتی، کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی، خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان.**

## Corresponding Author

soma.ibrahim@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی وکۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها زانینی ئاستی هەر یەك لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان. جگە لەوەش توێژەر هەوڵیدا جیاوازی لە هەریەك لەگۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی قۆناغی (یەکەم، چوارەم) بدۆزێتەوە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (417) خوێندکار لەبەشی باخچەی منداڵان. دوای ئەنجامدانی چەند تایبەتمەندییەکی سایکۆمەتری توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی دوو پێوەر بۆ پێوانی هەریەك لە گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستی هەریەك لە گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە بەرزە، هەروەها دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری بەڵگەدار بە ئاستی ئاماژەی بەڵگەدار (0.05) هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قۆناغی یەکەم و چوارەم، لەبەرژەوەندی قۆناغی چوارەم؛ بەڵام سەبارەت بە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لەنێوان قۆناغی یەکەم و چوارەم. دواتر لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە بەئاستی ئاماژەی (0.01) لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی وکۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەیە. لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە وپێشنیاری خستە ڕوو.

## پێشەکی:

## کێشەی توێژینەوەکە:

قۆناغی زانکۆ یەکێکە لەقۆناغە گرنگەکانی فێربوون، بەهۆی گۆڕانکارییە دەروونی وفسیۆلۆجی وکۆمەڵایەتیەکانەوە کە لەم قۆناغەدا ڕوودەدەن، سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی بە هەندێ لە پاڵەپەستۆ دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، وە مملمڵانێی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، کەدەبنە هۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆی دەروونی ونائومێدی وخەمۆکی ودڵەڕاوکێ و هەڵچوونە نەرێنیەکانی ترکەپاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی (الركابي،٢٠١٨: ٢٠٩). بەشێك لەخوێندكارانی زانکۆ بەدەست هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتی وئابووری ودەروونییەوە دەناڵێنن، یان هەندێك لەم کێشانە تێکەڵ بەیەکتر دەبن. بۆیە خوێندكاران پێویستیان بە گەشەپێدانی ئەم تایبەتمەندییانە هەیە وەك كارلێكی كۆمەڵایەتی وكۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی، بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کەپڕە لە ئاڵنگاری لەسەرجەم بوارەکانی ژیان. هەروەها قوتابیانی زانکۆ زۆر لەبەردەم کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ململانێکانن بەهۆی ئەو بارودۆخ و ڕووداوە نوێ و فرەجۆرانەی کەلە ژیانی زانکۆییاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە (الهنداوي،٢٠٢٠: ٥).

پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بنەما و بنەڕەتی گەشە و بەردەوامی ژیانی كۆمەڵایەتین، پێویستن بۆ بوونی مرۆڤایەتی و كۆمەڵگە، مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و لەناو كۆمەڵدا لەدایك دەبێت و دەژیت، پەیوەندی بەردەوام و ئاڵوگۆڕكراو دەبەستێتەوە بە كەسانی ترەوە (كريمه،٢٠٢١ :١). كارلێكی كۆمەڵایەتی بەكردارێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت كە ڕۆڵی گرنگ و كاریگەری هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، وە ئاماژەیە بۆ كۆمەڵێك ئامراز و كەرەستە كە تاكەكانی كۆمەڵگە بەیەكەوە دەبەستێتەوە، كەدەبێتە هۆی بەدیهێنانی كارلێك و گەشەسەندنی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان (الهنداوي، ٢٠٢٠: ٣).

هەڵچوونەكان بەشێكی گرنگی ژیانی هەریەكێك لە ئێمەیە، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەژیانماندا (الحوطي، ٢٠٢٠ :٤). بەتێڕوانینی باندۆرا (Bandora) ڕەفتاری تاك تەنها لە هێزی ناوەكی تاك و وروژێنەرە دەرەكییەكانەوە دروست نابێت، بەڵكو بە كارلێك لەنێوان كرداری كەسی و كرداری ژینگەییدا دروست دەبێت (الهنداوی، ٢٠٢٠: ٣). كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی یەكێكە لە پێكهاتەكانی كەسێتی تاك، وە ئەو بنەمایەیە كە كەسێتی تاك پشتی پێدەبەستێت، ورەفتارێكی بەرگریكارانەیە لەخود وجوڵێنەری هەڵسوكەوتەكانە بەئەرێنی یان نەرێنی بێت. بۆیە گرنگی هەڵچوونەكان لەلای تاك پشت بە كۆنترۆڵكردنی دەبەستێت بۆ گەیشتن بە گونجانی دەروونی، وهەوڵدان بۆ دەربازبوون لە پاڵەپەستۆكانی ژیان بەرەو ئاسایش وئارامی، بەبەكارهێنانی ڕەفتاری بەرگریكارانە وەك ئارامگری، ورەزامەندی، ورازیبوون بە قەزا وقەدەر (الزهرانی،٢٠٢٠: ٥). هەڵچوونەکان لەژیانی مرۆڤدا دەبێتە هۆی بارێکی دڵەڕاوکێ وتوڕەیی و کاردانەوەی کرداری ناهاوسەنگ تائەو کاتەی فەزای دەروونی کەسەکە پڕەدەکەنەوە، بەمەش ئەو ماوانەی کەمرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی ودڵنیایی دەکات کەم دەبێتەوە. خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگان و دوای تەواوکردنی پرۆسەی خوێندنیان و کارکردنیان لە باخچەکان بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ منداڵاندا هەیە. بۆیە هەر گرفتێک لە کارلێکی کۆمەلایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەکرێت ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵان هەبێت. وە توێژەر وەک ئەزموونی لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنی لە بەشی باخچەی منداڵان هەستی بەوەدەکرد کە هەندێک لە خوێندکاران دوورەپەرێزن و گرفتیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چواردەوردا هەیە، وە تاڕادەیەک توانای زاڵ بوون بەسەر گرفتەکان و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای هەندێکی تر لە هەڵوێستەکاندا بەدی دەکرا. بۆیە لەم سۆنگەیەوە هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەمەبەستی زانینی پەیوەندی لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

## گرنگی تیۆری:

١.تیشك خستنە سەر توانای كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی وەك یەكێك لە چەمكەكانی زانستی دەروونی ئەرێنی.

٢.تیشك دەخاتە سەر شێوازەكانی هەڵچوون، كە ڕووبەڕوی خوێندكار دەبێتەوە لە قۆناغی خوێندنی زانكۆ و چۆنیەتی گوزارشتكردن لێی.

٣.توێژینەوەكە خۆی لە گرنگی گۆڕاوی كارلێكی كۆمەڵایەتی دەبینێتەوە، كە كاریگەریەكی گەورەی لەسەر تەندروستی دەروونی و كۆمەڵایەتی لەژیانی ڕەفتاری و ئەكادیمی وداهاتووی خوێندكاردا هەیە.

٤.گرنگی توێژینەوەكە خۆی لە گرنگی نموونەی توێژینەوەكەدا دەبینێتەوە، كەخوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵانن، كەخانمی داهاتووی كۆمەڵگەن و ڕۆڵی گەورە و بەرچاویان هەیە لە دروستكردن و باشتركردنی كارلێكی كۆمەڵایەتی، لەئێستا وداهاتووی كۆمەڵگەدا.

## گرنگی پراكتیكی:

١. دەكرێت ئەنجامی توێژینەوەكە سوودی هەبێت بۆ ڕێنمایكاران و پەروەردەكاران، بۆیارمەتیدانی خوێندكاران بۆ كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونەكانین بەشێوەیەكی گونجاو ،بەجۆرێك پارێزگاری لەتەندروستی دەروونیان بكات.

٢. دەبێتە هۆی دەوڵەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی.

٣. دەكرێت ئەنجامی توێژینەوەكە سوودی هەبێت بۆ دوورخستنەوەی خوێندكارانی بەشی باخچە لەو بارودۆخانەی كە دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی.

٤. دەكرێت لایەنی پەیوەندیدار سوود لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ببینێت بەمەبەستی گەشەپێدان بە تواناكانی خوێندكار بۆ كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونەكانی و خۆگونجاندن لەگەڵ هەڵچوونە دەرەكییەكان.

## ئامانجی توێژینەوەكە: توێژینەوەكە چەند ئامانجێك لەخۆ دەگرێت لەوانە:

١.زانینی ئاستی هەریەك لە كارلێكی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

٢.زانینی جیاوازی لەنێوان هەریەك لە كارلێكی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی قۆناغ (یەكەم و چوارەم).

٣.دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەكە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

٤.زانینی ڕێژەی بەشداری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشكۆ.

## سنوری توێژینەوە:

**سنوری توێژینەوە ئەم لایەنانە لەخۆ دەگرێت:**

سنوری كات: بریتییە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

سنوری شوێن: بریتییە لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

سنوری مرۆیی: بریتییە لە خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

سنوری بابەتی: كارلێكی كۆمەڵایەتی وپەیوەندی بەكۆنترۆڵكردنی هەڵچوونیەوە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

## پێناسەی چەمك وزاراوەكان:

**پێناسەی كارلێكی كۆمەڵایەتی:**

- پێناسەی محمود (٢٠١٤):

كارلێكی كۆمەڵایەتی جۆرێكی كارتێكراو و كاردانەوەیە، بەشێوەیەكی زانستی كۆمەڵناسی سەلماندوویەتی كە زنجیرەیەك كارتێكردن بوونیان بەسەر تاكی مرۆڤدا هەیە، بۆیە لەبەرامبەریشدا مرۆڤ كاردانەوە دەبێت. كارلێكی كۆمەڵایەتی بەتەنیا كار لەتاك ناكات، بەڵكو كار لەسەر هەموو ئەو كەسانەش دەكات كەخاوەنی پرۆگرام و بەرنامەی لەم شێوەن، بەشێوەیەك ئەم كارتێكردنە كار لەبەرامبەر ئەم كارەی پێشكەشیان كردووە دەكات (محمود، ٢٠١٤ : ٢٧).

**- پێناسەی ڕێكاری بۆ كارلێكی كۆمەڵایەتی:**

ئەو نمرانەیە كە توێژەر لە وەڵامی پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەكەی دەستی كەوتووە.

**- پێناسەی تیۆری بۆ كارلێكی كۆمەڵایەتی:**

بریتیە لە كارلێك نێوان دوولایەن، جا گەر ئەو دوولایەنە بریتی بێت لە دوو تاك یان دوو خێزان یان دوو كۆمەڵ یان دوو كۆمەڵگە بن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەكەیان كاریگەری لەسەر لایەنی دووەم هەبێت.

**پێناسەی كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی:**

-پێناسەی السمیري و النجار (٢٠١٦):

توانای تاكە بۆ كۆنترۆڵكردنی خۆی ،و زاڵبوون بەسەر هەڵچوونە جیاوازەكانیدا، ونەرم ونیانی مامەڵەكردن لە بارودۆخە جیاوازەكان، وە وەڵامدانەوەی بۆ ڕووداوەكان بە هەڵچوونیەكی گونجاو بەبارودۆخەكە ( السمیري والنجار،٢٠١٦: ٨).

**- پێناسەی ڕێكاری بۆ كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی:**

كۆی ئەو نمرانەیە كە خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوەكە) پێیگەیشتوون، لەسەر وەڵامی برگەكانی پێوەری كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی كە لە توێژینەوەكەدا بەكارهێنراوە.

**- پێناسەی تیۆری بۆ كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی:**

كارامەییەكە كە لەرێگەی كارلێكەكانی ڕۆژانەوە بەدەست دێت، تاك توانای كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونە ڕاستەخۆكانی هەیە و ئاراستەكردنیان بە شێوەیەكی گونجاو.

## خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان:

- پێناسەی مراح وأبراهیم (٢٠٢٢):

ئەو خوێندكارانەن كە بەسەركەوتووی قۆناغی ئامادەییان تێپەڕاندووە و وەرگیراون لەزانكۆ، بەشی باخچەی منداڵان، لەدوای تەواوكردنی ئەم بەشە دەبنە خاوەن بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە بەشی باخچەی منداڵان كۆلێژی پەروەردە (مراح، وابراهیم،٢٠٢٢: ٣).

**پێناسەی تیۆری بۆ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان:** ئەو خوێندکارانن کە خوێندنی قۆناغی ناوەندییان بە سەرکەوتووی تەواوکردووە، وپاشان لە بەشی باخچەی منداڵان کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆ وەرگیراوە و بەردەوامی بەخوێندنی زانکۆ دەدات و دەبێتە دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە باخچەی منداڵان و مافی وتنەوەی وانەی هەیە لە باخچەی منداڵاندا.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە (Literature Review)

### کارلێکی کۆمەڵایەتی: (Social interaction)

کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕکاری لەنێوان دوو لایەنی کۆمەڵایەتیدا لە دۆخێکی یان ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بەجۆرێك کە هەڵسوکەوتی هەریەکەیان لایەنی بەرامبەر ئاگادار دەکاتەوە یان دەیوروژێنێت، ئەم کارلێککردنە بەزۆری لەڕێگە هەندێ نێوەندگرەوە (وسط) ڕوودەدات، وە لەم ڕێگەیەشەوە ئاڵوگۆڕی پەیامێکی دیاریکراو ڕوودەدات کەپەیوەستە بەمەبەست یان ئامانجێکی دیاریکراو، وەپرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی شێوە وفۆرمی جیاوازیان هەیە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (بوشغلام، ٢٠١٨، ٢٦). بەشێوەیەکی گشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆرێکی کارتێکراو وکاردانەوەیە، زانستی کۆمەڵناسی سەلماندوویەتی کە زنجیرەیەك کارتێکردن بوونیان بەسەر تاکی مرۆڤدا هەیە، بۆیە لەبەرامبەریشدا مرۆڤ کاردانەوەی هەیە (صدیق، ٢٠١٥، ٨١).

لەیەکێك لە لێکۆڵینەوەکاندا واتسن (James D. Watson) بەراوردی نێوان هەرەوەزی ورۆڵی تاکەکەسی لەکارەکاندا دەکات، بەم جۆرە باس لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات: لەیەکێك لەو کارانەش هەر لەسەختی تێگەشتن لە ڕستەکانەوە تا دەگات بەدۆزینەوەی کۆدەکان، جۆرێکی دیکەی هەموو کارەکانی بەهەمان ڕادەی سەختی ئەنجامداوە، بۆئەوەی تاکەکەس خۆی بتوانێت یەکەمجار لەگەڵ خۆی و دووەمجار لەگەڵ لێژنە یا ئەنجومەنی وتووێژ و سێیەمجاریش دیسان لەگەڵ خۆی چارەسەر بکات، بەراورد بەڕێژەی ڕۆڵی تاکەکەس، باشی شێوازی هەرەوەزی لەهەموو کارەکاندا سەلمێنراوە، جیاوازیەکەش لەتاقیکردنەوەی تێگەشتن زۆر کەمە، بەڵام لە چارەسەرکردنی کێشەی تەواوکردنی ڕستەکاندا گەورەیە (عبدالله، ٢٠١٤، ٥٣).

### گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی گشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆرێکی کارتێکراو وکاردانەوەیە، زانستی کۆمەڵناسی سەلماندوویەتی کە زنجیرەیەك کارتێکردن بوونیان بەسەر تاکی مرۆڤدا هەیە، بۆیە لەبەرامبەریشدا مرۆڤ کاردانەوەی هەیە (صدیق، ٢٠١٥: ٨١).

صدیق (٢٠١٥)، بەم جۆرە باس لەگرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات:

1_کارلێکی کۆمەڵایەتی بەشداریەکی بەرچاو دەکات لە پێکهێنانی ڕەفتاری مرۆڤ، هەر بۆیە لەمیانی کارلێکەوە نەوەکان فێری زمان و نەتەوە و ڕۆشنبیری و داب ونەریت وبەهای کۆمەڵەکەیان دەبن، ئەوەش لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوە و سروشتی کۆمەڵایەتیدا.

2_کارلێکی کۆمەڵایەتی پێویستییەکە بۆ گەشەکردنی تاك، توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو منداڵانەی هەلی تەواویان پێنادرێت بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لەئەنجامدا گەشەیان دوادەکەوێت.

3_کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لەیەکتری جیاکردنەوەی کەسەکان لەڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی کەسایەتیان، بۆ نموونە: دەرکەوتنی کەسانی خۆشنووس، داهێنەران و کەسە دڵ بەقین و شەڕخوازەکان، هەروەها لەو میانەدا کەسەکان دەتوانن توانای دەربڕین و دەستپێشخەری گفتوگۆ بەدەستبهێنن (صدیق، ٢٠١٥، ٨٧).

لەلایەکی ترەوە Stetsenko (2017)، بەم شێوەیە باس لە گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات:

١. کارلێکی کۆمەڵایەتی بنەمای گەشەسەندنی دەروونییە، گەشەسەندنی توانا دەروونییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دەست پێدەکات و دواتر لە پێکهاتەی تاکدا دەچەسپێت. ئەم پرۆسەیە تەنیا ئاماژە بە گواستنەوەی مەعریفە ناکات، بەڵکو بە بەشداری چالاکانەی تاکە لە بنیاتنانەوە و گۆڕینی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا.

٢. فێربوون لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا قووڵتر و کاریگەرترە، تاک دەتوانێت زانست بەدەستبهێنێت کە بە تەنیا ناتوانێت بەدەستی بهێنێت.

٣.پرۆسەی مەعریفی لە ناوەڕۆکی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا چالاک دەبن، کارلێکی کۆمەڵایەتی سەکۆیەکە بۆ بەئاگابوونەوە و گەشەکردنی پرۆسەکانی وەک بیرکردنەوە و فێربوون و داهێنان لە مێشکی مرۆڤدا (Stetsenko, 2017:265).

### ئامانجی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

عبدالمجید (٢٠١٢)، بەم جۆرە باس لە ئامانجی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات:

١-کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاسانکاری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ دەکات ورێگای تێربوون لە پێداویستییەکان دیاریدەکات.

٢-تاك و کۆمەڵ لەرێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتار وئاراستەکان فێردەبن، کە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات لە چوارچێوەی بەها و ڕۆشنبیری وداب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کەپێی ئاشنان.

٣-یارمەتی هەڵسەنگاندنی خود ودەوروبەر دەدات بەشێوەیەکی بەردەوام.

بە تێڕوانینی صدیق (٢٠١٥)، ئامانجەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە:

١. کارلێکی کۆمەڵایەتی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵ دەدات، لەگەڵ دیاریکردنی ڕێگە وشێوازەکانی تێرکردنی پێویستەکان.

٢. لەمیانەی کارلێکی کۆمەڵایەتیەوە تاك وکۆمەڵ فێری شێوازە جۆراوجۆرەکان وئەو ئاراستانە دەبن کەپەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵ لەچوارچێوەی بەها و ڕۆشنبیری وداب و نەریتی خۆیان ڕێك دەخەن.

٣. بەشێوەیەکی بەردەوام یارمەتی هەڵسەنگاندنی خود وئەوانی دی دەدات (صديق،٢٠١٥: ٩١).

## کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی: (Emotion regulation)

### هەڵچوون:

چەمکی هەڵچوون لەم دواییانەدا زیاتر گەشەی پێدراوە، بەڵام زۆر یارمەتی ڕوونکردنەوەی چەمکەکە ناکات. ئەو کتێبانەی کە چەمکەکەیان لە ناونیشانەکەیاندا بەکارهێناوە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم دەرنەکەوتن، بەناوبانگترین کتێب "گوزارشتکردن لە هەڵچوونەکان لە مرۆڤ وئاژەڵ" ی چارلز داروین بوو کە لە ساڵی ١٨٧٢ بڵاوکرایەوە (إيفانز، ٢٠١٩: ١١).

هەڵچوونەکان و هەستەکان لەگەڵ گەوهەری کەسایەتیدا ئاوێتەن، هەموو تاکەکان کەم وزیاد خاوەنی هەست و هەڵچوونن، ئەگەر هەرتاکێك بکەوێتە بارودۆخێکی گونجاوەوە هەستی تایبەت بەو بارودۆخە پیشان ئەدات، ئەم بارەش ناوئەنێین (شياوى دەربڕينى هەست (ئادلەر، ٢٠١٧: ٣٥٨-٣٥٩).

البيرت الس (Albert Ellis): یەکێکە لە ژمارە دیارەکانی چارەسەری دەروونی، دەڵێت هەڵچوون وەڵام گەلێکی تاکە بۆ وروژێنەرە ناوخۆیی ودەرەکییەکان، بەڵام دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی تاکەکان وهەروەها هاوسەنگی بایۆلۆجی لەگۆڕانی ڕواڵەتی جەستەیی ودەردانی هۆرمۆنەکان وئەو چۆنێتیەی کە جەستە پێویستی پێیەتی ودەبێتە هۆی وەچەرخانی زۆری لایەنی فسیۆلۆجی وا کەفرمانە جۆراوجۆرەکانی ئەندامەکان بەشێوەی دروست وهاوسەنگ ڕەوت ناکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆرگانی بوونی تاك کە بکەوێتە دۆخی گرژی و شێواندنی هزری ومەعریفی کەپێویستی بەکاتێکی زۆر دەبێت بۆ چارەسەرکردن تا دەروون دۆخی ئاگایی دروستی خۆی بگەڕێنێتەوە (حوسين،٢٠٢٢: ٢٣١-٢٣٢).

### کۆنترۆڵکردنی هەڵچوون:

کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی توانای تاکە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکان و کۆنترۆڵکردنیان و خێرا هەڵنەچوون، یان دوور کەوتنەوەیە لە زیادەڕەوی کاریگەربوون بەرووداوە هەنووکەیی و ڕاگوزەر و خێراکان، بەمەبەستی گەیشتن بە گونجانی خودی و کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی پێویستی بە هەوڵدانی دەروونی گەورە (يونس،٢٠٠٤).

دەروونناسی ئەمریکی زانا جەیمس گروس (James Gross) دەڵێت کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان ئەو ڕێکاری و پرۆسەیەیە کە تاکەکان لەڕێگەیەوە ئەزموونی هەڵچوونیان ڕێك دەخەنەوە، وە هەروەها شێوازی گوزارشتکردن لێیان، بە ئاگایی بێت یان بێ ئاگایی، بەئامانجی بەدیهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی (Gross, 2015: 26).

### ئەو بارودۆخانەی کە تاك تووشی هەڵچوونی دەکات:

بەبۆچوونی گلیفۆرد (Clifford)، مرۆڤ لە ژمارەیەك بارودۆخی تایبەتیدا تووشی هەڵچوون دەبێت کەئەمانەن:

١.تاپاڵنەرەکانمان بەهێز بێت، هەڵچوونەکانیشمان بەهێز دەبێت، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پاڵنەر و هەڵچوونەکاندا هەیە، واتا پاڵنەر بەبێ هەڵچوون هیچ بەهایەکی نییە و جەستەیەکی بێ گیانە.

2.کاتێك بەربەست و ڕێگر لەبەردەم ئامانج و خەز وئارەزووەکانی تاکدا دادەنرێت و تاك ناتوانێت ئەو حەز وئارەزووەی تێر بکات لەم کاتەدا مرۆڤ تووشی هەڵچوون دەبێت.

3.کاتێك بەئامانجەکانی خۆمان دەگەین یان تووشی بێهیوای دەبین، لەم حاڵەتانەدا مرۆڤ تووشی هەڵچوون دەبێت. بۆنموونە (لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست و ئازیز یان گەیشتن بە پلە وپایەیەك..هتد) تووشی هەڵچوونی بەهێزمان دەکەن (قەرەچەتانى،٢٠٠٦: ١١٦).

لەلایەکی ترەوە Guthrie Yarwood (٢٠٢٢)، بەم جۆرە باس لەو هۆکارانە دەکات کە دەبێتە هۆی هەڵچوونی تاك:

١.هاندەرە ژینگەی و هەستییەکان: ژینگەی دەوروبەر وهەستەوەرەکان (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان)، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە جوڵاندنی هەستە جیاوازەکان وەك وەڵامێك بۆ بارودۆخ و ڕووداوەکان.

٢.کارلێکی نێوان درککردن وهەڵچوون: کردارە مەعرفیەکان وەك بیرکردنەوە ویادەوەری وهەڵسەنگاندن کارلێك لەگەڵ هەڵچوونەکاندا دەکەن بەشێوەیەکی دینامیکی، بۆیە شێوازی لێکدانەوەمان بۆ ڕووداوەکان کاریگەری لەسەر جۆر وئاستی هەڵچوونەکانمان دەبێت.

٣.ئەزموون ویادەوەری پێشوو: ئەزموونەکانی پێشوو کە لە یادەوەریدا هەڵگیراون کاریگەری لەسەر وەڵامە هەڵچوونیەکان دەبێت، چونکە دۆخە نوێیەکان پەیوەندی دەکەن بە یادەوەریەکانی پێشترەوە.(Guthrie 2022: 44)

### تایبەتمەندی کەسی خاوەن هاوسەنگی هەڵچوونی:

(عزيز،٢٠٢٣)، ئاماژە بەوە دەکات کە (إنگلش وبيرسن) هەندێ تایبەتمەندی کەسی خاوەن کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەخەنەڕوو لەوانە:

١.توانای کارکردنی بەردەوامی هەیە، بێ ئەوەی هەست بەماندووبوون بکات، هەست بەگرنگی کارەکانی خۆی دەکات.

٢.توانای خۆشەوستی هەیە، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر دروست دەکات وکاریگەری لەسەر کەسانی دەووروبەری خۆی هەیە.

٣.بڕوای بەخۆی هەیە لە بڕیاردانی، توانای هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی هەیە، بەجۆرێك گونجاوترین بڕیار دەردەکات بۆ بارودۆخەکان (عزيز،٢٠٢٣: ١٠٠-١٠١).

بەجۆرێکی تر Groos (٢٠١٢)، باس لە تایبەتمەندی کەسی خاوەن کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەکات:

١.نەرمی لە توانای گونجان لەگەڵ داواکاری دۆخە جیاوازەکانی تاکەکەسی کە کاریگەریان لەسەر کارامەییە ڕێکخەرەکان هەیە.

٢.بەکارهێنانی دووبارە هەڵسەنگاندن، دووبارە هەڵسەنگاندنی هەستی ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ ڕێکخستنی هەڵچوونەکان و ڕێگای دەرکەوتنی وەڵامی هەڵچوونەکان دەگۆڕێت.

٣.توانای کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردن، بریتییە لە بەکارهێنانی پرۆسەکانی کۆنترۆڵی جێبەجێکردن و کەمکردنەوەی ئەزموون و ڕەفتاری هەڵچوون (gross, 2012: 132).

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە ڕێوشوێنی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، کە مەبەست لێی دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نموونە و ئامرازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە و ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دەرهێنانی ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکەیە، سەرەڕای دیاریکردنی ئامرازەکانی ئامارکردن کە بەکارهێنراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە بەمەبەستی دۆزینەوەی (پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی). میتۆدی وەسفی یەکێکە لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی و تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. هەر بۆیە میتۆدی وەسفی بە شێوەیەکی ورد وەسفی ئەو بابەتانە دەکات کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و ڕێگەیەکە توێژەران دەیگرنەبەر بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە گرفتی بابەتی توێژینەوەکە دەوروژێنێت (أبراش،2008: 65).

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

پێك هاتووە لە هەموو ئەو تاکانەی کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێنن، واتە هەموو ئەو پێکهاتانەیە کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکە هەیە، کە پێکدێن لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی* هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (1262)خوێندکاربوو، بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025).

خشتەی ( 1 ) کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕوونەکاتەوە.

| ژ | زانکۆکانی هەرێمی کوردستان | قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی صلاح الدین | ٥٥ | ٤٢ | ٥٣ | ٥٤ | ٢٠٤ |
| ٢ | زانکۆی سلێمانی | ٨٣ | ٧٦ | ٧١ | ٥٩ | ٢٨٩ |
| ٣ | زانکۆی هەڵەبجە | ٦٧ | ١٥ | ٣٢ | ٧٣ | ١٨٧ |
| ٤ | زانکۆی گەرمیان | ٦٣ | ٦٣ | ٦٤ | ٥٨ | ٢٤٨ |
| ٥ | زانکۆی ڕاپەڕین | ٦٦ | ٦٤ | ٨٢ | ٦٢ | ٢٧٤ |
| | کۆی گشتی | ٣٣٤ | ٣٢٠ | ٣٠٢ | ٣٠٦ | ١٢٦٢ |

*** زانکۆی دهۆك بەهۆی جیاوازی زاراوەیان لەگەڵ زاراوەی پێوەری ئامادەکراوەوە، نەتوانرا بەشداری پێبکرێت لە نموونەی توێژینەوەکەدا.**

## نموونەی توێژینەوەکە:

دوای وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ژمارەی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر بە شێوەی بەمەبەست قۆناغی (یەکەم و چوارەم)ی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی وەرگرت، کە ژمارەیان (640) خوێندکار بوو. دوای دابەشکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا، توێژەر توانی (422) ڕاپرسی وەربگرێتەوە لە خوێندکاران. دوای وردبینیکردن لە وەڵامەکانیان، ڕاپرسی (5) خوێندکار دوورخرایەوە بەهۆی وەڵامنەدانەوەی بەشێکی زۆری بڕگەکان (Missing data) ی یەکێک یان هەردوو پێوەرەکە . بەمەش کۆی نموونەی کۆتایی توێژینەوەکە بوو بە (417) خوێندکار هەر وەك لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) نموونەی توێژینەوەکە ڕوونەکاتەوە.

| ژ | زانکۆکانی کوردستان | هەرێمی | قۆناغی یەکەم | خوێندکاری وەرگیراوی قۆناغی یەکەم | ڕێژەی سەدی | قۆناغی چوارەم | خوێندکاری وەرگیراوی قۆناغی چوارەم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانكۆی صلاح الدين | ٥٥ | ٣٢ | 0.10 | ٥٤ | ٢٠ | 0.07 |
| ٢ | زانكۆی سلێمانی | ٨٣ | ٤١ | 0.12 | ٥٩ | ٢٩ | 0.09 |
| ٣ | زانكۆی هەڵەبجە | ٦٧ | ٤٨ | 0.14 | ٧٣ | ٤٨ | 0.16 |
| ٤ | زانكۆی گەرمیان | ٦٣ | ٥٤ | 0.16 | ٥٨ | ٥٧ | 0.19 |
| ٥ | زانكۆی ڕاپەڕین | ٦٦ | ٤٣ | 0.13 | ٦٢ | ٥٠ | 0.16 |
| | کۆی گشتی | ٣٣٤ | ٢١٨ | %65 | ٣٠٦ | ٢٠٤ | %67 |

## ئامرازەكانی توێژینەوەكە:

توێژەر بۆ زانینی (كارلێكی كۆمەڵایەتی وپەیوەندی بە كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونیەوە لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان)، پشتی بەست بە فۆرمی ڕاپرسی كە یەكێكە لە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری لەتوێژینەوەی زانستیدا، و كۆمەڵێك پرسیاری تایبەت كە پێشكەش بە نموونەیەك لەتاكەكان دەكرێت و داوایان لێدەكرێت وەڵام بدەنەوە بەشێوەیەكی ئازادانە.

بۆ ئەم مەبەستە، توێژەر لەڕێگەی ئاراستەكردنی كۆمەڵێ پرسیاری كراوە كە لە (٥٠) خوێندكاری بەشی باخچەی منداڵانی زانكۆی گەرمیان پێكهاتبوون، و خوێندنەوەی كۆمەڵێك لەسەرچاوە و توێژینەوەی زانستی و سوود بینین لە توێژینەوەكانی پێشوو وەك توێژینەوە العدساني (٢٠٢٣) و توێژینەوەی عدوي (٢٠١٧) و توێژینەوەی بوشغلام (٢٠١٨) و توێژینەوەی الركابي (٢٠١٨) وتوێژینەوەی شعلان (٢٠٢٣) وتوێژینەوەی العلوان (٢٠١١) وتوێژینەوەی حلاوه (٢٠١٦) و توێژینەوەی سلوم (٢٠١٥) وتوێژینەوەی ریان (٢٠٠٦). هەستا بە ئامادەكردنی پێوەرێك بۆ پێوانەكردنی كارلێكی كۆمەڵایەتی خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان كە پێك هاتبوو لە (٤٠) بڕگە. هەریەک لە بڕگەكانی پێوەرەكە بەسەر پێنج بژاردەدا دابەشبووە (هەمیشە لەگەڵمدا دەگونجێت، زۆربەی جار لەگەڵمدا دەگونجێت، هەندێكجار لەگەڵمدا دەگونجێت، بەدەگمەن لەگەڵمدا دەگونجێت، هەرگیز لەگەڵمدا ناگونجێت). سەبارەت بە پێوەری دووەمی توێژینەوەكە كە تایبەتە بە كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی، بەهەمان شێوە توێژەر هەستا بە ئامادەكردنی پێوەرەكە كە پێكهاتبوو لە (٣٧) بڕگە كەبەسەر پێنج بژاردەدا دابەشبوون (هەمیشە لەگەڵمدا دەگونجێت، زۆربەی جار لەگەڵمدا دەگونجێت، هەندێكجار لەگەڵمدا دەگونجێت، بەدەگمەن لەگەڵمدا دەگونجێت، هەرگیز لەگەڵمدا ناگونجێت). دوای تەواوبوونی ڕێكارەكانی ئامادەكردنی پێوەرەكە، توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی چەند تایبەتمەندیەكی سایكۆمیتری وەك دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی، شیتەڵكردنی بڕگەكان (جیاكاری لە بڕگەكانی پێوەرەكە و دۆزینەوەی پەیوەندی بڕگە بە كۆ نمرەی بڕگەكانی پێوەرەكە) و دەرهێنانی جێگیری .

**ڕاستگۆیی:**

ڕاستێتی بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەكردنی ئەو دیاردەیەی، كەبانگەشەی پێوانەكردنی بۆ دەكات (بۆكانی، ٢٠٢٠: ١٥٣). توێژەر بۆ ڕاستگۆیی پێوەرەكانی توێژینەوەكە پشتی بە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەست.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان لەسەر بڕگەكانی هەردوو پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی، توێژەر هەستا بە دابەشكردنی پێوەرەكان بەسەر چەند شارەزایەكی بوارەكانی پەروەردە و دەروونزانی وڕێگاكانی وانەوتنەوە و پێوانە وهەڵسەنگاندن، كە ژمارەیان (٢١) شارەزابوو. بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی هەر بڕگەیەك و ئەنجامدانی گۆڕانكاری توێژەر لە (٨٠%) ڕەزامەندی شارەزایانی بەمەرج وەرگرتووە. پاش پێدان و خستنەڕووی سەرنجیان لەسەر كۆی بڕگەكانی پێوەرەكان و پێشنیاری چەند گۆڕانكاریەكی ڕێزمانی و زمانەوانی، و پێشنیاری ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانكاری لە بڕگەكانی تەوەری چوارەمی هەردوو پێوەرەكە لەلایەن (٥) لە شارەزایانەوە، سەرجەم بڕگەكانی پێوانی كارلێكی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی هەڵچوونی لەلایەن شارەزایانەوە بە پەسەند زانرا بەمەبەستی جیبەجیكردنیان لەسەر نموونەی توێژینەوەكە.

## شیتەڵكردنی بڕگەكان ( تحليل الفقرات):

**آ) جیاوازی لە بڕگەكانی پێوەرەكە لەنێوان دوو گروپ (تمييز الفقرة).**

- **پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی:**

بەمەبەستی دیاریكردنی بڕگە لاواز و بەهێزەكان لە پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی، توێژەر هەستا بە دەرهێنانی هاوكۆلكەی جیاكاری بڕگەكانی پێوانەكە. ئەویش لەڕێگەی ڕیزبەند كردنی نمرەی پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەكە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە. دوای ئەم هەنگاوە، توێژەر دوو گروپ لە نموونەی توێژینەوەكەی وەرگرت بەڕێژەی (٢٧%) بۆ هەر گروپێكیان. بەمەش لە كۆی نموونەی توێژینەوەكە كە (٤١٧) خوێندكاربوون، وبە پشت بەستن بە ڕێژەی لەسەدا بیست و حەوت، توانرا (١١٢) خوێندكار بۆ هەر گروپێک وەربگیرێت. لە كۆتایدا تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو گروپ بۆ هەر بڕگەیەك بەكارهێنرا. ئەنجامی هاوكێشەی تائی دەریخست جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو گروپ سەبارەت بە هەموو بڕگەكانی پێوەرەكە.

**ب) پەیوەندی بڕگە بە كۆ نمرەی پێوەر كارلێكی كۆمەڵایەتی (علاقة الدرجة بالدرجة الكلية):**

بۆ زانینی پەیوەندی هەر بڕگەیەك بە کۆ بڕگەی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسنی بەکارهێنا، دەرکەوت کە هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لە گەڵ کۆ نمرەی پێوەرەکە بە ئاستی ئاماژەی (٠,٠١).

*** پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوون:**

*** آ) جیاوازی لە بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان دوو گروپ (تمییز الفقرة).**

توێژەر هەستا بە دەرهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە نێوان دوو گروپی بەرز و نزم. بەهەمان ئەو هەنگاوانەی کە لەسەرەوە لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی باسکرا، توێژەر

هەستا بە ڕیزبەند کردنی نمرەکانی پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و وەرگرتنی دوو گروپ بەڕێژەی (٢٧%) لە نموونەی توێژینەوەکەی بۆ هەر گروپێکیان کە لە (١١٢) خوێندکار پێکهات. لە کۆتایدا تاقیکردنەوەی تائی دوو نموونەیی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو گروپ بۆ هەر بڕگەیەك بەکارهێنرا. ئەنجامی هاوکێشەی تائی دەریخست جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو گروپ سەبارەت بە هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە، ئەمەش بەو واتایەیی کە هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە وەکو خۆی مانەوە.

**ب) پەیوەندی بڕگە بە کۆ نمرەی پێوەر کارلێکی کۆمەڵایەتی (علاقة الدرجة بالدرجة الكلية):**

توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسنی بەکارهێنا بە مەبەستی زانینی پەیوەندی هەر بڕگەیەك بە کۆبڕگەی پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی، لە ئەنجامدا دەرکەوت سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ کۆ نمرەی پێوەرەکە بە ئاستی ئاماژەی (٠,٠١).

## جێگیری پێوەرەکان:

بە مەبەستی زانینی جێگیری پێوەری توێژینەوەکە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هەردوو هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ و هاوکیشەی دابەشکردنی نیوەیی (التجزئة النصفية) لەسەر (٢٠٠) خوێندکار کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە نموونەی توێژینەوەکەی وەریگرتبوو. هەروەک لە خشتەی (٣) دا خراوەتە ڕوو دەرکەوت کە پێوەرەکانی توێژینەوەکە بەهایەکی بەرزیان لە جێگیری هەیە.

خشتەی (٣) بەهای جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو.

| گۆڕاوەکان | هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach Alpha | هاوکێشەی دوولەتکردنی نیوەیی Half-Split |
|---|---|---|
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | ٠,٩١ | ٠,٨٣ |
| کۆنترۆڵکردنی هەڵچوون | ٠,٩٢ | ٠,٨٨ |

**جێبەجێکردنی ئامرازەکە:**

پاش ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی وکۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر ئامرازی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکەدا پراکتیزەکرد و سەردانی بەشداربووانی توێژینەوەکەی کرد لەو ناوەندانەدا وئامانجی توێژینەوەکەیان بۆ ڕوونکرایەوە، هەروەها شێوازی وەڵامدانەوەی بڕگەکانیان بۆ ڕوونکراوەتەوە و وەڵامی پرسیار و تێبینی بەشداربووانی توێژینەوەکەی داوەتەوە و پاش ئەوەی کاتی تەواو درا بە خوێندکاران پاشان دەستکرا بە کۆکردنەوەی فۆرمەکان.

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان (١) دراوە بە (هەرگیز)، نمرەی (٢) نمرە دراوە بە (زۆربەی جار)، (٣) نمرە دراوە بە (هەندێکجار)، (٤) نمرە دراوە بە (زۆربەی جار)، (٥) نمرە دراوە بە (هەمیشە).

**ئامرازە ئامارییەکان:**

بە پشت بەستن بە بەرنامەی (spss)، توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنا:

١.هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ و دابەشکردنی نیوەیی بۆ هەژمارکردنی بەهای جێگیری پێوەرەکە.

٢.تاقیکردنەوەی تائی دوو نموونە، بۆ دۆزینەوەی جیاکاری لە بڕگەکانی پێوانەکە لەنێوان هەردوو گروپی بەرز و نزم، هەروەها بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوەکانی (قۆناغی یەك و چوار).

٣.هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن (*Pearson*) بۆ هەژمارکردنی پەیوەندی نێوان بڕگە و کۆنمرەی گشتی پێوانەکە. وە هەروەها بۆ زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

٤.هاوکێشەی لێژبوونەوە *(Regression analysis)* بۆ زانینی ڕێژەی بەشداریکردنی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ.

٥.تاقیکردنەوەی تائی یەک نموونە (*One sample t-test*)، بۆ زانینی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوون لای نموونەی توێژینەوەکە .

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

**ئامانجی یەکەم:** زانینی ئاستی هەریەك لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

بەمەبەستی زانینی ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بە دەرکردنی ناوەندە ژمێری بۆ گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهاکەی (155.5)بوو، وە بە لادانی پێوانەیی (20.1)، پاش بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی بە ناوەندە گریمانەیی (120)، دەردەکەوێت کە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی

نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. بۆ زیاتر دڵنیا بونەوە لەو ئەنجامە لە ڕووی ئامارییەوە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تی تێستی یەک نمونەیی(One sample t-test) کە دەرکەوت بەهای (ت) ی هەژمارکراو(36.1)بوو، کە ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژەیی (0.05). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرزە.
سەبارەت بە گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی توێژەر هەستا بە دەرکردنی ناوەندە ژمێری بۆ گۆڕاوەکە، کە بەهاکەی (144.6)بوو، وە بە لادانی پێوانەیی (18.1)، دوای بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی بە ناوەندە گریمانەیی (111)، دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزیان لە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەیە. بۆ زیاتر دڵنیا بونەوە لەو ئەنجامە لە ڕووی ئامارییەوە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تی تێستی یەک نمونەیی کە دەرکەوت بەهای (ت) ی هەژمارکراو(38.0) بوو، کە ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.96) بە ئاستی ئاماژەیی (0.05). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە.
خشتەی( 4) ئاستی گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنتڕۆڵکردنی هەڵچوونی دەخاتە ڕوو

| گۆڕاوەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | 155.5 | 20.1 | 120 | 416 | 36.1 | 1.96 | بەڵگەدارە | 1.76 |
| کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی | 144.6 | 18.1 | 111 | | 38.0 | | بەڵگەدارە | 1.85 |

**** بەپێی معیاری Cohen's d قەبارەی کاریگەری (حجم اثر) ٠,٢ بە بچووک و ٠,٥ بە مامناوەند و ٠,٨ و بەرەو سەرەوە بە گەورە دادەنرێت.***

هەروەك لە خشتەی (٤) خراوەتە ڕوو ئاستی هەریەك لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە لەئاستێکی بەرزدایە. توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە ئەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی، و سروشتی نموونەی توێژینەوەکە کە سەرجەمیان لەڕەگەزی مێ پێکهاتبوون بوون، کە ئەمەش وا دەکات کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاسانتر و خێراتر دروست ببێت وە هەروەها لێکتێگەیشتنی زیاتر ڕوودات لە نێوانیاندا کە ئەمەش وا دەکات کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرز و هاوسەنگدا بێت.
ئەنجامی توێژینەوەکە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی اسماعيل (2023) و توێژینەوەی السماعيل (2020) و توێژینەوەی مطلك (2006)، وتوێژینەوەی Alraggad (2025) و توێژینەوەی حسنين (٢٠٢١).
**ئامانجی دووەم :** زانینی جیاوازی لە هەریەك لە کارلێکی کۆمەڵایەتی وکۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە نێوان قۆناغی یەکەم و چوارەم.
بۆ زانینی ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) دوو نموونەی (Two Independent Sample t-test). دەرکەوت ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی یەکەم بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی (١٥٢,٩)بوو، بە (لادانی پێوانەیی) (٢٠,٨)، وە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی چوارەم (١٥٨,٢)بوو، بەلادانی پێوانەیی (١٨,٩). دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) دوو نموونە سەربەخۆ دەرکەوت کە بەهای( ت )ی هەژمارکراو دەکاتە (٢,٧٠) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بە ئاستی ئاماژەیی (٠,٠٥)، لەمەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغی یەکەم وچوارەم لە بەشی باخچەی منداڵان، لە بەرژەوەندی قۆناغی چوارەم.
بۆ گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بە هەمان شێوە توێژەر هاوکێشەی (ت) دوونموونەی بەکار هێنا. ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی یەکەم بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی (١٤٣,٥)بوو، بە (لادانی پێوانەیی) (١٩,٤)، وە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی چوارەم (١٤٥,٧)بوو، بەلادانی پێوانەیی (١٦,٥). دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) دوو نموونە سەربەخۆ دەرکەوت کە بەهای (ت )ی هەژمارکراو دەکاتە (١,٢٣) کە ئەمەش بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بە ئاستی ئاماژەیی (٠,٠٥)، کە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جیاوازی نییە لە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە نێوان قۆناغی یەکەم وچوارەم لە بەشی باخچەی منداڵان.
خشتەی ژمارە (5) جیاوازی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی قۆناغ دەخاتە ڕوو

| گۆڕاو | قۆناغ | قەبارەی نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی ژمێردراو | بەهای تائی خشتەی | ئاستی ئاماژەی ٠,٠٥ | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | یەکەم | 213 | 152.9 | 20.8 | 415 | 2.70 | 1.96 | بەڵگەدارە | 0.27 |
| | چوارەم | 204 | 158.2 | 18.9 | | | | | |
| کۆنترۆڵکردنی | یەکەم | 213 | 143.5 | 19.4 | | 1.23 | | بەڵگەدار | 0.12 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵچوونی | چوارەم | 204 | 145.7 | 16.5 | | | | نییە | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان قۆناغی یەکەم وچوارەم، وە لەبەرژەوەندی قۆناغی چوارەم. توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە ئەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی ئەزموون و ئاشنا نەبوونی خوێندکار بە ژینگەی زانکۆیی وگواستنەوە لە خوێندنی ناوەندی بۆ خوێندنی زانکۆیی دەکرێت ئاستەنگدار بێت، ئەوان دەبێت لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نوێدا خۆیان بگونجێنن وە هەروەها هەڵکشانی تەمەن لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی چوارەمیەکێکی ترە لەهۆکارەکان، عبدالحمید (٢٠٠٨) باس لەوە دەکات کە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ناو چینی گەنجاندا فراوان و هەمەجۆرە، هەروەها هۆکاری گەشەی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا بۆ گۆڕانکاری لە ئامانجە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە بەپێی هەڵکشانی تەمەن (عبدالحمید، ٢٠٠٨).

سەبارەت بە گۆڕاوی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەر وەك لەخشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە هەرچەندە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی چوارەم بەرزترە بەراورد بە ناوەندە ژمێرەیی قۆناغی یەکەم بەڵام بەڵگەدار نییە، تارادەیەك جیاوازی ئاماری بەڵگەدار نییە لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و چوارەم. توێژەر هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێنێتەوە کە نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێ پێکهاتبوون، کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان لە ناو ئەم چینەدا تارادەیەك لە زۆرینەی قۆناغەکانی تەمەن لە ئاستێکی باش و بەرزدایە و تارادەیەك ڕێژەی گۆڕانکاری تیایدا بە بەراورد بە تایبەتمەندییە دەروونی و فسیۆلۆژییەکانی ترکەمترە.

**ئامانجی سێیەم/ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە.**

بۆ ئەم ئامانجە توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی (پیرسن) لە نێوان نمرەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەبەهای پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە کە دەکاتە (٠،٤٥) بە ئاستی ئاماژەی (٠،٠١). وە هەروەها ئەنجامی هاوکۆلکە پێرسن دەرکەوت کەوا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ڕەهەندەکانی هەریەکە لەگۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی (٦) پەیوەندی نێوان ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| تەوەرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | تەوەرەکانی کۆنترۆڵکردنی هەلچوونی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هوشیاری هەڵچوونی | ڕێکخستنی هەڵچوون لەکارلێکدا لەگەڵ کەسانی تر | ستراتیژیەکانی ڕێکخستنی هەڵچوونی خودی | نەرمی هەڵچوونی لە ژینگەی پیشەیی |
| کارلێك لەگەڵ هاوڕێکان | 0.23 | 0.39 | 0.37 | 0.27 |
| کارلێك لەگەڵ خێزان | 0.22 | 0.30 | 0.28 | 0.26 |
| کارلێك لە ژینگەی زانکۆدا | 0.24 | 0.34 | 0.28 | 0.23 |
| کارلێکی پیشەیی | 0.22 | 0.35 | 0.27 | 0.24 |

* بەهای هەموو پەیوەندییەکان بە ئاستی ئاماژەی (٠،٠١) بوو

هەروەها بەمەبەستی زانینی ڕۆڵی بەشداریکردنی گۆڕاوی سەربەخۆ توێژەر بەپێویستی زانی ڕۆڵی بەشداریکردنی گۆڕاوی سەربەخۆ (independent variable) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (Dependent variable) بزانێت. بۆ ئەم مەبەستە هاوکێشەی لێژبوونەوە (Regression analysis)، بەکارهێنرا. لەئەنجامدا دەرکەوت کە کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی ٢٠% بەشدارە لە درووستبوونی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان ($\beta$=0.45, $R^2$ =0.20)، بەو واتایەی کە بیست لە سەدی جیاوازی (تباین)، (Variance)ی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی.

بەپێی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندی هەیە لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەشێوەیەکی گشتی لەلایەك، و پەیوەندی نێوان تەوەرەکانیان لەلایەکی تر. توێژەر بوونی ئەم پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کارلێکی کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و ئاشنابوونی تاك بە ڕەفتار و ئاکارە قبوڵکراوەکانی ناو کۆمەڵگە و خۆگونجاندنی دروست لەگەڵیاندا کە ئەمەش زۆرجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر توانای تاك بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی، هەروەک زانای دەروونناس (سیگمۆن فرۆید) ئاماژەی پێدەکات بەکۆمەڵ ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانە سەرەنجام ئارامی دەروونی زیاتری لێ فەراهەم دەبێت (حوسێن، ١٩٣: ٢٠٢٤).

## دەرئەنجام:

پاش خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بەم ئەنجامانە گەشتووە:

١.ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢.جیاوازی ئاماری بەڵگەدار هەیە لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و چوارەم لە بەرژەوەندی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣.هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار نییە لە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لەنێوان خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و چوارەمی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٤.پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی.

## ڕاسپاردەکان:

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشت، توێژەر ڕاسپاردەکانی بەم شێوەیە خستەڕوو:

1. هاندانی خوێندکاران بۆ بەشداریکردن لەو پرۆگرامانەی ئامۆژگاری لەپێناو ناسینی فشاری دەروونی و جۆرەکانی پێشکەش دەکەن بۆ بەهێزکردنی توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانیان.
2. ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی لە زانکۆکاندا، وە ئاگادارکردنەوەی خوێندکاران کە کۆنترۆڵنەکردنی هەڵچوونەکان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر بیرکردنەوە و یادەوەری و تەندروستی جەستەیی... خوێندکاران.
3. ڕێنمایی و ئاراستەکردنی دەروونی لەکاتی وانەوتنەوەدا، بۆ زیادکردنی متمانە دەروونیەکانیان و زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکان بۆ قوتابیانی زانکۆ و بەتایبەت خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چونکە خانمان و دایکی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردین.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. بۆکانی، صابر (٢٠٢٠).میتۆدی توێژینەوەی زانستی. چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
2. حسین، محمد تەها (٢٠٢٢). ڕێنماییکردنی دەروونی دەروازە سایکۆ لۆجییە هاوچەرخەکان. ناوەندی فێربوون، هەولێر.
٣. حسین، محمد تەها (٢٠٢٤). هەڵچوونەکان:بنیاتە دەروونی و کلتوریەکان. ناوەندی فێربوون، چاپی یەکەم، هەولێر.
٤. صدیق، فوئاد (٢٠١٥). دەروونزانی کۆمەڵایەتی. هەولێر.
٥. عبداللە، محمد بن محمود (٢٠١٤). دەروونزانی کۆمەڵایەتی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٦. عزیز، عزالدین ئەحمد (٢٠٢٣). بنەماکانی دەروونزانی گشتی. بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
٧. قەرەچەتانی، کریم شریف (٢٠٠٦). سایکۆلۆژیای گەشە. چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.
8. ئادلەر، ئەلفەرد (٢٠١٧). ناسینی سروشتی مرۆڤ. چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
٩. أبراش، أبراهيم (٢٠١٩). المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية. الطبعة الأولى . دار الشروق النشر والتوزيع، الأردن.
10. اسماعيل، سيدر ستار (٢٠٢٣)، الذات الانفعالي لدى طلبة الجامعة، الكلية التربية المقداد، جامعة ديالى، العراق.
١١. إيفانز،ديلا (٢٠٢٥). الأنفعالات مؤسسة الهنداوي، مصر.
١٢. بوشغلام، زينب (٢٠١٨). التفاعل الاجتماعي في الجماعات الافتراضية دور الحضور الاجتماعي، كلية علوم الإعلام والأتصال قسم إعلام، جامعة الجزائر، الجزائر.
13. حسنين، نسمة جمال الدين محمد (٢٠٢١). مهارات التفاعل الاجتماعي و الصمود النفسي وعلاقتهما بالسعاده النفسية لدى طلاب الجامعة، كلية التربية، جامعة مدينة السادات. مصر.
14. حلاوة، ياسمين عمر (٢٠١٦). الاتزان الانفعالي وعلاقته بتقدير اذات، جامعة دمشق، كلية التربية، سوريا.
١٥. الحوطي، زينب عبدالعزيز فرحان (٢٠٢٠). الخصائص السايكومترية لمقياس تنظيم الانفعالات لدى عينة من طلاب المرحلة الثانوية بدول الكويت، كويت.
١٦. الركابي، صبري عبدالله كاظم (٢٠١٨). التفاعل الأجتماعي لدى الطالبة جامعة سومر، مجلة كلية التربية العلوم الانسانية، جامعة ذي قار.
17. ريان، محمود إسماعيل محمد (٢٠٠٦). كلية التربية جامعة الأزهر، غزه، فلسطين.
١٨. الزهراني، حسين بن أحمد بن حسين (٢٠٢٠). الأتزان الأنفعالي وعلاقته بأسلوب قضاء الوقت الفراغ لدى الطالب الجانحين و غير الجانحين في مدينة جدة، كلية التربية، جامعة المنصورة، السعودية.
19. سلوى، هناء عباس (٢٠١٥). استراتيجيات التنظيم الانفعالي وعلاقتها بحل المشكلات، جامعة دمشق، كلية التربية، سوريا.
20. السماعيل،عبدالعزيز بن محمد أحمد،٢٠٢٠، التفاعل الأجتماعي وعلاقته بدافعية الإنجاز لدى عينة من طلاب كلية الشريعة والدراسات الإسلامية بمحافظة الإحصاء، جامعة أم القرى، مجلة الشباب الباحثين، السعودية.
21. السميري، نجاح عواد و النجار، يحيى محمود (٢٠١٦). الأتزان الأنفعالي وعلاقته بالكفاءة الأجتماعية والسعادة النفسية الدى العاملات لدى العاملات في جهاز الشرطة الفلسطينية في محافظة فزة، جامعةالأقصى، فلسظين.
22. شعلان، عتاب جعر (٢٠٢٣). الحساسية الانفعالية وعلاقتها بالمهارات الاجتماعية لدى طلبة جامعة بابل، جامعة بابل، العراق).
23. عبدالحميد، صلاح محمد (٢٠١٢). الإعلامي الجديد. القاهرة، مؤسسة طيبة للنشر.
٢٤. عبدالحميد، شبل (٢٠٠٨). علم النمو: الطفولة و المراهقة و الشيخوخة، مكتبة الأنجلو المصرية، مصر.
25. العدساني، لمياء عبدالله (٢٠٢٣). الاتزان الانفعالي وعلاقته بالسعادة لدى عيتة من ممارسي العمل التطوعي بمدينة جدة، كلية التربية، جامعة الملك فيصل، مملكة العربية السعودية.
26. عدوي، طه ربيع طه (٢٠١٧). القلق الاجتماعي و البط الانفعالي كمؤشرين للتنبؤ بإدمان الفيسبوك في ضوء بعض المتغيرات الديموجرافية لدى طلاب الجامعة، الجمعية المصرية للدراسات النفيسية، مصر.
27. العلوان، أحمد (٢٠١١). الذكاء الانفعالي بالمهارات الاجتماعية وأنماط التعلق لدى طلبة الجامعة في ضوء متغيري التخصص والنوع الاجتماعي للطالب.

٢٨. علي، ايمان محمد شريف محمد و عبدالله، تماره طلال (٢٠٢٤). مهارات التعلم واليقظ و علاقتها بالتفكير الرغبوي لدى طلاب قسم رياض الأطفال، كلية التربية الأساسية جامعة المستنصرية.
29. كريمة، سلاطنية (٢٠٢١). التفاعل الأجتماعي في ظل الأزمات جائعة كورونا أنموذجا، جامعة ٨ماي ١٩٤٥ قالمة، الجزائر.
٣٠. محمد، رباب عبدالفتاح أبو الليل (٢٠١٩). القلق الأجتماعي لدى طلبة جامعه سومر، مجلة كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة ذي قار.
٣١. مراح، نور الزهراء موسى و أبراهيم، ياسمين طه (٢٠٢٢). التأليف الذاتي لدى طالبات قسم رياض الأطفال، مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة المستنصرية.
32. مطلك، فاطمة عباس (٢٠٠٦). قياس التفاعل الاجتماعي لدى طلبة كلية التربية في جامعة كوية، كليه التربية، جامعة كويه،أقليم كوردستان-العراق.
33. الهنداوي،غادة مبارك محمد (٢٠٢٠). التفاعل الأجتماعي و علاقته بالمرونة النفسية لدى عينة من طلاب الجامعة بمنطقة عرعر، كلية التربية.
٣٤. يونس، محمد(٢٠٠٤). مبادئ علم النفس، دار الشروق للطباعة و النشر و التوزيع، عمان.

35.Alraggad, Abeer (2025). The effect of social interaction on academic performance: The moderating influence of cultural background, Zarqa Universty, Jordan.

36.Gross, j. j. (Ed.). (2012) handbook of emotion regulation(2nd ed.). Guilford press

37.Guthrie Yarwood,M. (2022). Psychology of humen emotion: An open access textbook. Press book.

38.Stetsenlko A. the transformation mindi Expanding Vygotsky's Approach to Development and education. Combirdge university press: 2016.

Available online at http://ajg.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-29

# The Relationship Between Social Interaction and Emotion Regulation Among Kindergarten Students in Universities of the Kurdistan Regional Government (KRG)
# (A challenging research in the master's thesis)

**Soma Sabr Ibrahim, Solav Faiq Mohamed**

Department of Kindergarten, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June,2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Agust, 2025 |

**Keywords**

Social interaction, emotion regulation, kindergarten

**Corresponding Author**

soma.ibrahim@univsul.edu.iq

**Abstract:**

The present study aimed to examine the relationship between social interaction and emotion regulation among students in the kindergarten departments of Kurdistan Regional Universities. An additional objective was to assess the levels of both variables—social interaction and emotion regulation—within the study sample. The study also investigated potential differences in these variables based on academic stage (first year vs. fourth year). The sample consisted of 417 students enrolled in kindergarten departments. Following the establishment of sound psychometric properties, the researcher developed two instruments to measure the study variables. The results indicated that participants demonstrated high levels of both social interaction and emotion regulation. A statistically significant difference in social interaction was found between first- and fourth-stage students ($p < .05$), with higher levels observed in the fourth stage. However, no significant difference was found between the two stages in terms of emotion regulation. Additionally, a strong positive correlation was identified between social interaction and emotion regulation ($p < .01$).

In light of these findings, some recommendations and suggestion were highlighted.